www.kurdistannet.org

## هەندێ سیفاتی دیکتاتۆر.. ئەفسانە

**دیکتاتۆر وەک منداڵی بەناز سیفاتی زۆرە، بەڵام ئەمانە هەندێک لە سیفاتە هەرە بەناوبانگەکانیەتی..**

* هیچ کەسێک وەک دیکتاتۆر لەدایک نابێت..

* زۆرجار لەسەرەتادا وەک کەسێکی شۆڕشگێڕ و پاڵەوان و فریادڕەس دەردەکەوێت..
* خەڵکانێکی زۆر دوایدەکەون و چەپڵەیەکی زۆری بۆ لێدەدرێت..
* هەندێ چاکسازی لە کۆمەڵگادا دەکات و پاشان بەردەوام پەیمانی درۆ بەگوێی خەڵکەکەیدا دەدا..
* دواتر کە گەیشتە سەر کورسیەکە، وردەوردە هێز و دەسەڵاتی خۆی سەقامگیردەکات..
* هەمیشە ڕوخۆشە و دەم بەپێکەنینە و بەدەگمەن سەروچاوی دەدات بەیەکدا. ناهەقیشی نیە، چونکە بەردەوام لە ناخی خۆیدا بە ئەقڵی میلەت پێدەکەنێت..
* لەڕادەبەدەر گرنگی بە دەزگای ئاسایش و سوپا دەدات و دواتر سیخوڕی لەناو میلەتدا دەگاتە ڕادەیەک کە برا متمانەی بەبرای خۆی نامێنێت..
* زمانێکی لوسی پێوەیە و خواش دەخلەتێنێت..
* هەزارویەک گرفتی لابەلا بۆ گەلەکەی دەنێتەوە بۆ ئەوەی سەرقاڵیان بکات و بیر لە هەموو شتێک بکەنەوە تەنها ئازادیان نەبێت..
* دەڵێت کەسێکم باوەڕم بە دیموکراتی و ئازادی ڕادەربڕین هەیە، بەڵام ئەو کەسەی ڕەخنەی لێبگرێت یان پشتگوێی دەخات، یان لەناویدەبات، یان دوریدەخاتەوە..
* جارجارێک لێبوردنێکی گشتی یان نیمچە گشتی بۆ زیندانیەکان دەردەکات، بەتایبەتی لە بۆنە ئاینیەکان و نەتەوایەتیەکاندا..
* هێدی هێدی میدیاکان تەرخان دەکات بۆ خۆی (زۆرجار بەتایبەتی لە دەنگ و باسەکانی تەلەفیزۆنەوە دەستپێدەکات!) و تۆش دەبێت دابنیشیت گوێ لە قسەکانی ئەو بگریت و تەماشای گەشت و گوزارەکانی بکەیت..
* هەمیشە شانازی بەڕابوردووی خۆیەوە دەکات و خەباتی کۆنی دەخاتەوە بەرچاوی میلەتەکەی، بۆ ئەوەی کارە ناڕەواکانی ئێستای خۆی پەردەپۆشبکات..
* هەموو بۆنەیەک دەقۆزێتەوە بۆ ئەوەی ڕابوردووی پڕمیحنەتی میلەتەکەی بخاتەڕوو و پێیان بڵێت لە هەموو بارێکدا بوونی ئەو باشترێکە..

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

www.kurdistannet.org

* پەرلەمانێکی کارتۆنی دادەمەزرێنێت و بەروکەش لەوەدەچێت ئەوان بڕیاردەربن و وادەردەکەوێت ئازادی بەرقەرابێت، بەڵام خۆی لەسەرەوە پەرلەمەنتارەکان وەک قەرەقۆز دەجوڵێنێت..

* بۆ ماوەیەک هاوپەیمان و دۆستی وڵاتە بەهێزەکانی دونیایە و موو بە بەینیانەوە ناچێت..

* لەمیدیا جیهانیەکاندا وەک کەسێکی ئازادیخواز ناو دەردەکات..

* وڵاتە زل هێزەکان هەتا ئەو کاتە پشتگیریدەکەن کە پێویستیانە، دواتریش کە ئیشیان پێی نەما، کلکی هەڵدەکێشن..

* هەندێ خەڵکی چڵکاوخۆر لەدەوری خۆی کۆدەکاتەوە و بەزەبری پارە و پلەی بەرز هەموو شتێکیان پێدەکات..

* لەڕادەبەدەر پارە دەڕژێت بەسەر مەسئولە گەورەکانیدا و ڕێگای گەندەڵیان بۆ خۆشدەکات، هاوکاتیش خەڵکە گشتیەکە بە پوشێک دانانێت، هەرچەندە کاتی خۆی بەبێ ئەوان مەحاڵبوو بگاتە سەر کورسیەکەی..

* بەردەوام دەڵێت چاکسازی دەکەم و لێرە و لەوێش هەندێ مەسئولی بچوک دەردەکات، بەڵام هاوکات دانی زیاتر بۆ مەسئولە گەورەکان ڕودەکات و قەڵەوتریان دەکات، چونکە مانەوەی خۆی بەمانەوەی ئەوانەوە بەستراوە..

* بۆ ماوەی چەند ساڵێک بۆی دەلوێت بەو شێوەیە بەزەبری ترس و تۆقاندن و پارە و هەڵخڵەتاندن بمێنێتەوە..

* خەڵکانی ئاسایی دەگەنە ئەو بڕوایەی کە هیچ هێزێک نیە بتوانێت هێزی دیکتاتۆر بلەرزێنێت و نەمانی دەبێتە خەونێکی دورەدەست..

* بەڵام لەکۆتایدا جامەکەی پڕدەبێت و لێی دەڕژێت..

* خەڵکی لێی هەڵدەگەڕێنەوە و یان لەت و پەتی دەکەن، یان لە کونە مشکێکدا دەیگرن..

* هەتا ئەو ڕۆژەی دەگیرێت و ڕۆژانی دوای ئەوەش هەر سورە لەسەر ئەوەی کە دڵسۆزی میلەتەکەیەتی..

* هیچ دیکتاتۆرێک تا هەتاهەتایە نامێنیتەوە..

23.11.2005

afsane1@myway.com

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com